حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
دیراسات و لێکۆڵینەوە

حكومة اقليم كوردستان
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المالية العامة

Kurdistan Region Government - Iraq
*Ministry of Finance & Economy*
*General Directorate of Finance*

ژمارە: ٤٨٧٧٦ ڕێکەوت/ ٢٧١٠ کوردی
ڕێکەوت/ ٨ / ٧ /٢٠١٠

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٤ )
## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت
## ب/ پێشینەی خانووبەرە

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٧٩٥٣ لە ٢٠١٠/٧/١٣ ڕەزامەندی سەر پێدانی پێشینەی خانووبەرە بە دانیشتووانی قەزا و ناحیە و گوندەکان کە زەوییەکانیان تەسو بۆ نەکراوە و وێنەی تۆماری سەربەخۆیان نیە بۆ دروستکردنی خانووی نیشتەجێ لە سەر زەوییەک شێوەی خوارەوە :-

١- بڕی قەرزەکە (١٥ ٠٠٠ ٠٠٠) پانزە ملیۆن دینارە .
٢- پێویستە وەرگری قەرزەکە خێزاندار بێت و تەنها بۆ یەکێکیان خەرج دەکرێت و نیشتەجێ ی گوندەکە
٣- پێشتر پێشینەی خانووبەرەی وەرنەگرتبێت لە یەکێك لە بەنکەکانی هەرێم .
٤- قەرزەکە بە دوو قۆناغ خەرج دەکرێت ، قوناغی یەکەم دوای تەواو کردنی بادلۆ و قۆناغی دووەم دوای کردنی بنمیچ (سقف) و بەشێوەیەکی یەکسان .
٥- قەرزار دەبێت کەفیلێکی دەستەبەری هەبێت (ضامن) پێشکەش بە بانك بکات و فەرمانبەر بێت و مو بنەڕەتی نابێت لە (٣٦٢ ٠٠٠) سێ سەدو شەست و دوو هەزار دینار کەمتر بێت ، یان مولکی تۆمار بە کەسێکی تر بکرێتە ضمان واتە (ضمان عيني) .
٦- هیچ خانوو یان شوقەی نیشتەجێ بە ناوی خۆی و خێزانی و منداڵە ناکامەکانی نەبێت بە شێو سەربەخۆ .
٧- ئەگەر هاتوو وەرگری قەرز فەرمانبەر بوو پێویستە لە یەك ساڵ زیاتر خزمەتی وەزیفی هەبێت .
٨- ڕێژەی سوودی دواکەوتن (١٠٪) دەبێت لە سەر ڕەسیدی قەرزەکە .
٩- ڕووبەری بینا نابێت لە (١٠٠ م٢) کەمتر بێت .
١٠- ئەگەر هاتوو لە کاتی پێشکەش کردنی مامەڵەی داواکاری پێشینەی خانووبەرە بینایەکە قۆناغی بنمیچی کرابوو و کەم و کوری سەرەکی تیادا مابێت وەك (سپی کاری و دەرگاو پەنجەرە یان کاشی و دەرگا و پەنج ... پێشینەکە خەرج دەکرێت .

١١- گەڕاندنەوەی پێشینەکە بۆ ماوەی (١٥) ساڵ دەبێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەی بنەرەت (٦٥٠٠٠٠) شەش سەد و پەنجا هەزار دینار زیاترە و بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بۆ ئەوانەی کە مو بنەرەتیان لە (٦٥٠٠٠٠) شەش سەد و پەنجا هەزار دینار کەمترە هەروەها بڕینی پشکی پێشینە مانگی داهاتووی دوای مانگی وەرگرتنی یەکەم کوژمەی پێشینەکە دەست پێ دەکات .

١٢- گەڕاندنەوەی پێشینە بۆ ماوەی (١٢) ساڵ دەبێت بۆ هاوولاتیان ، هەروەها وەرگرتنەوەی پێش ساڵانە دەبێت دوای تێپەڕبوونی ساڵێك لە بەرواری وەرگرتنی گوژمەی یەکەمی پێشینەکە .

١٣- قەرزار بە هەموو جۆرەکانیەوە دڵنیایی دەکرێت لەسەر ژیانی بەرامبەر بڕی قەرزەکەی لە قەرزاریەکەی بەپێ ی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمپانیای دڵنیایی .

١٤- پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) ی سەرەوە ئەو فەرمانبەر و هاوولاتییەی کە پێشینە وەردەگرێت و دوایی دەکات لێدەبوردرێت لە گەڕاندنەوەی ئەو ڕەسیدەی کە ماوە لە ئەستۆی لە دوای کۆ و قەرەبوو دەکرێتەوە لە لایەن کۆمپانیای دڵنیاییەوە ، بەڵام ئەو پشکانەی کە نەدراوە لە پێش کردنی دەبێت میراتگرانی ئەم پشکانە بدەنەوە بە بەنك لەگەڵ سوودی دواکەوتن .

١٥- سیستەمی وەرگێرانی قەرز بۆ سەر ناوی یەکتر (تدوير الدين) کاری پێ ناکرێت لە کاتی فرۆش خانووەکە و دەبێت قەرزی ماوە بە تەواوی بدرێتە بەنك .

١٦- بۆ سەلماندنی خاوەندارێتی زەویەکە پێویستە پشتگیری ئەنجومەنی گوند یان موختار شایەتی بە تەمەنی گوندەکە هەبێت و لە لایەن بەڕێوەبەری ناحیەی پەیوەندیدارەوە بانگەوا ماوەی (١٥) ڕۆژ بۆ پارچە زەوییەکە بکرێت لە دیوانی ناحیە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی یاسایی لە بارەی مولکیەت .

١٧- ئەو خانووانەی دروست دەکرێن نەخشەو دیزاینی هونەری تیادا ڕەچاو بکرێت و پەسند بکر لایەن شارەوانی ناحیەوە و مۆڵەتی بینا یان ڕێپێدانیان پێ بدرێت .

١٨- لە قوناغی بادلۆ ژمارەی زنجیرە دابنرێت لە لایەن شارەوانی ناحیەکانەوە بە ناوی خاوەنەکانیا

١٩- بۆ ئەوانەی زێدەرەویی دەکەن لە سەر زەوییەکانی حکومەت پێشینەی خانووبەرە نایانگرێتەو

٢٠- پێویستە ئەو خانووانەی کە دروست دەکرێن لە ناو حەرەمی گوندەکە بێت واتە لە ناو س ڕێپێدراوی یاسایی گوندەکە بێت .

٢١- بە مەبەستی زیاتر خزمەت کردنی دانیشتوانی گوندەکان و ئاسانکردنی کارەکانیان ، مامەڵ پیشینەی خانووبەرە لە لایەن هاولاتیانەوە پێشکەش بە قەزا و ناحیەکان بکرێت و کۆ بکرێ لە لایەن بەڕێوەبەری دارییەوە ڕەوانەی بەنکی خانووبەرەی پەیوەندی دار بکرێت بۆ ئەنجا کاری پێویست .

٢٢- بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار پێشەکی وەردەگیرێت وەك خەرجی جۆراوجـ مەبەستەکانی (کرێ ی لێژنەکانی پشکنین و چاپەمەنی و گواستنەوەو ... هتد) .

٢٣- ئەم برە پارەیە کە ئاماژەی پێکراوە لە برگە (٢٢) ی سەرەوە بۆ یەك جار وەردەگیرێت پێش ئەنجام دان پشکنینەکە و بە شێوەی بارمتە لە حیسابی (دائنة متنوعة) تۆمار دەکرێت و ئەم برەیە کە وەرگ ناگەرێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ...لەگەڵ ڕێزدا.

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ ف. یاسایی/نووسراوی سەرەوەتان/ب ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س) .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی / ناوخۆ / شارەوانی و گەشت و گوزار / کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو / بۆ ئاگاداری بەڕێزتا ئەنجامدانی کاری پێویست بەپێ ی پەیوەندی ... لەگەڵ ڕێز
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بانکی خانووبەرەی هەولێر/ دهۆك /بنصلاوە / سۆران / ئاکرێ / زاخۆ / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکا
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/سۆران/ئاکرێ/زاخۆ/کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- گشت بەشەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .